یەکەتیی زانایانی کوردستان: بەپێی بەدواداچوونمان زێکاتی سەرفیترەی ئەمساڵ نزیکەی 13 ملیار دینار دەبێت

وتەبێژی یەکەتیی زانایانی ئاینی لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند بەپێی بەدواداچوونمان بۆمان دەرکەوتووە زەکاتی سەرفیترە لە هەرێمی کوردستان بە پێی دواین ئاماری ڕۆژەی دانیشتووانی هەرێم دەگاتە 13 ملیار دینار .

مەلا عەبدوڵا شەرکاوییی وتەبێژی یەکەتیی زانایانی کوردستان ڕایگەیاندووە ، ئەگەرچی خەڵکی موسوڵمان لەم سەردەمەدا کەمتر پابەندییەکانیان بە دانی زەکات و سەرفیترە دەخەنە ڕوو ، بەڵام بەپێی بریاری لیژنەی فەتوای هەرێم بێی سەرفیترە بە هەر سەر خێزانێك لە کوردستان بە ئەمساڵ 2025 (سێ هەزار) دینار دیاری کراوە ، ئەگەر ئەو بڕە پارەیە دابەشی سەر ڕۆژەی دانیشتوانی هەرێم بکەین بەپێی دواین ئاماری عێراق کە گەیشتە شەش ملیۆن و 500 هەزار کەس ئەوا کێی بێی پارەی زەکاتی سەرفیترە دەگاتە 13 ملیار دینار .

وتەبێژی یەکەتیی زانایانی کوردستان ئەوەشی خستووەتەڕوو ، بەداخەوە تا ئیستا دەزگایەکی ئاینی تایبەتمان نییە بە کێکردنەوەی زەکات و سەرفیترە لە کوردستان ، بێیە ئەم بێی

زەکاتە کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی هەژاران دانانەت و ژیانیان ناگۆڕێت ، چونکە وەزارەتی زەکاتی سەرفیترە سەدان ملیار دینار زەکاتی خواپێداوانیش هەیە کە بتوانرێت ژیانی سەدان خێزانی هەژاری پێ بگۆڕدرێت لە کوردستان .